## پێگەی عێراق

لە لێکۆلینەوەی پێگەی جوگرافی گرینگیەکی زۆر گەورەی هەیە لە لێکۆلینەوەە جوگرافیەکاندا چونکە پێگە کەسایەتی شوێنەکە دیاری دەکات لە لێکۆلینەوەی پێگەی عێراق سێ لایەن لەخۆدەگرێت کە ئەوانیش بریتین لە :.

**1-پێگەی سترۆنۆمی عێراق :.**

پێگەی سترۆنۆمی عێراق بەیەکێک لە هەرە پێگە گرینگەکان دەژمێردرێت ؟ چونکە لەرێرگەیەوە کەسایەتی ئابووری و سیاسی تارادەیەکی زۆر دیاری دەکرێت ؟ هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە پێگە سەبارەت بەبازنەکانی پانی بەرپرسیارە لەدیاریکردنی تایبەتمەندیە ئاو هەوایەکان وەپاشان دیاریکردنی لایەنەکانی چالاکی ئابووری عێراق پێگەیەکی جوگرافی باشی هەیە کەدرێژدەبێتەوە لەنێوان هەردوو بازنەی پانی (29 – 22 – 37 ) لەباکوری هێلی یەکسانی وەئەم پێگەیە وای لەعێراق کردووە کە ئاو وهەوایەکی مام ناوەندی گەرمی هەبێت لەباشور وە ئاووهەوای دەریای ناوەراست وئستێپس لەباکور وناوەراستدا هەبێت .

ئەمەش هەڵی بۆ عێراق رەخساندووە بۆ بەرهەم هێنانی بەروبووم لە گرفت ئەم کایانە ( پارچانە) ئەمەش یارمەتی ئەوە دەدات ( بۆ دابینکردنی ناوخۆیی ) بەپلەی یەکەم وەپاشان نادرنە دەرەوەی ئەوەی کە لەپێداویستی ناخۆ زیاترە بۆ وڵاتانی دراوسێ زیاد لەمە عێراق تارادەیەکی باش خاوەنی رووبەرێکی فراوانە وە درێژدەبێتەوە لەنێوان هەردوو هێلی درێژی (38 – 48) رۆژهەلات .

## 2-پێگەی عێراق سەبارەت بە وشکانی و ئاو :.

پێگەی عێراق بە پێگە چاکەکان دانراوە بەدرێژایی پێش کەوتنی شارستایەتی ناوچەی باشوری رۆژئاوای ئاسیا چونکە پێگەی عێراق دەکەوێتە سەر بازنەیەکی ئاوەدانی گەورە کەئەمەش وای لێکردووە پەیوەندی بەهێزی هەبێت بەهەردوو شارستانی رۆژئاوای ئەوروپا و دەریای ناوەراست لەرۆژئاوا دا وە بەشارستانیەتی باشووری رۆژ هەڵاتی ئاسیا لەرۆژ هەڵاتەوە بەمەش ئەم پێگەیە رۆلی گەورەی بینیوە لەپەیوەندی کردن بەدونیایی دەرەوە بەڵام پێشکەوتنی هۆکارەکانی پەیوەندی و پێشکەوتنە سیاسیەکان بووە هۆکاری کەمکردنەوەی گرینگی پێگەکەی چونکە فراوانی و گەشەسەندنی تۆروهێلەکانی پەیوەندی و گواستنەوەی نوێ گۆرانکاری گەورەی هێنایە ئاراوە لە رێرەوەکانی ناوچەکانی بازرگانی جیهانی بەگشتی و عێراق بەتایبەتی هەروەها پێگەی عێراق سەبارەت بە رووبەرەئاویەکان ئەوە روون دەکاتەوە کە عێراق گرینگیەکی گەورەی هەیە چونکە پێنج دەریا دەوری عێۆاقیان داوە کە ئەوانیش بریتین لە دەریای قەزوین و دەریای رەش لەباکووری دەریای ناوەراست لەرۆژئاوا دەریای سوروکەنداوی عەرەب لەباشوور بەڵام ئەوەی جێی سەرەنجە ئەوەیە کە ئەم دەیایانە داخراون وە کاریگەریان دیاری کراوە جگە لە دەریای ناوەراست و کەنداوی عەرەبی نەبێت پێگەی عێراق وای کردووە کە هەڵی پەیوەندی کردنی دەریایی کەم بێت و ئەگەر کەنارە کورتەکەی نەبوایە کە درێژیەکەی ناگاتە (65کم) لەسەر ئاوەکانی کەنداوی عەرەب بەوڵاتێکی داخراو دادەنرا .

**3-پێگەی عێراق سەبارەت بەنیشتمانی عەرەب :.**

عێراق دەکەوێتە لای باکووری رۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەبیەوە و سەبارەت بەگرینگی ئابووری عێراق دەتوانین بڵێین بەسەرچاوەی چەندین جۆری جیاوازی بەرووبوومە بازرگانیەکان بەهۆی بەپیتی خاکەکەی لەبەرئەوەی دوو لەسەر سێ ی رووبەرەکەی داپۆشراوە بە دەریای ( تشس – تثس) ئەمەش هەڵی بۆ رەخساندووە کە پێکهاتەی جیۆلۆجی تایبەت بە سەرچاوە هایدرۆکاربۆنیەکانی وەکو نەوت و غاز و کبریتی هەبێت ئەمە جگە لەوەی کە ئەو جولە و پێچاوپێچە سادە و ئالۆزانەی کە لەلای باکوری رۆژهەڵاتی ئەم شوێنە بەخۆیەوە بینیویەتی بۆتە هۆکاری درووست بوونی سەرچاوەی کانزایی دەوڵەمەند هەرچی پەیوەستە بەگرینگیە سیاسیەکەی ئەم شوێنە ( عێراق) بە توخمی پەیوەندی راستەخۆ دادەنرێت بەرەگەز و نەتەوە و گەلانی جۆراوجۆر بۆیە بەردەوام جێگەی شەر وجەنگ ونائارامی بووە .

*** پێشکەوتنی جیۆلۆجی و کاریگەری لەسەر رووی عێراق :.**

چەندین هۆکار رۆلیان هەبووە لەپێکهاتەی جیۆلۆجی عێراقدا بەڵام لە هەموویان گرینگترین بریتین لە دوو هۆکار کە ئەمانیش بریتین لە :.

**یەکەم :.** بوونی پارچەیەکی رەق لەرۆژئاواو باشوری رۆژئاوای عێراق ئەویش بریتیە لە نیمچە دوورگەی عەرەب کە ئەوسا بەشێک بووە لە کیشوەری ( جوندوانالاند) ی کۆن ئەم تۆپەلەیە لەکاتی خۆیدا پلەی رەقی و هێزی زۆر بەرز بووە بەرانگاری جولە زەمینیەکانی کردووە کە شاخیان پێکهێناوە لەناوچەکانی دەوروبەریدا .

**دووەم :.** بوونی دەریایەکی مەزن لەپەنای ئەم تۆپەڵە رەقەدا کە ئەویش ناسراوە بە دەریای ( تیثس) کە لەناوەراستی زەمەنی یەکەم دا زۆربەی زەویەکانیعێراق داپۆشیوە واتا نزیکەی دوولەسەر سێی رووبەری عێراق وە بنکە و بنی ئەم دەریایە پێکهاتبوو لە جۆرەبەردێک کەپلەی رەقیەکەی ( بەهێزیەکەی) کەمتر بوو لەپلەی رەقی کیشوەری جواندانالاند بۆیە جوولە زەمینیەکان کاریگەریان لەسەری هەبووە .

ئەو بەشانەی کە دەریای تیثس دای پیۆشین و نزیک بوون لەپانی دورگەی عەرەبی کەمتر کاریگەربوون بە جوولە پێچاوپێچەکان بەهۆی درێژبوونەوەی تاشەبەردە رەقەکانی ژێرخاکەکەی لەبەرئەوە ئەو ناوچانە توانیویانە تارادەیەک تەختی و شێوەی خۆیان بپارێزن ئەم ناوچانەش وەکو ( دەشتی نیشتوو ، بانی بیابانی رۆژئاوا ) بەڵام بەشە دوورەکانی عێراق لە بانی دوورگەی عەرەبی کە دەکەوێتە ژێردەریاوە بەهۆی لاوازی بنکەکەی و ژێرەوەی لەبەر ئەو هۆکارە زۆرترکاریگەر بووە بە جوولە پێچاوپێچەکان هەربۆیە تێبینی ئەوە دەکرێت کە چیاکانی عێراق بەرزتردەبن وە سەختردەبن بەدوورکەوتنەوە لەبانی دوورگەی عەرەب .

بۆچی لە رۆژئاوای باشووری عێراق دەشت و بان هەیە بۆچی باکوری عێراق چیای سەخت هەیە ؟

چونکە ناوچەکانی رۆژئاوا و باشوری عێراق نزیک بووە لە نیمچە دوورگەی عەرەبی ( پلێتی عەرەبی ) بۆیە ئەم جوولەیە لەم ناوچەیە رووی داوە کاریگەری لەسەر باوکووری باکووری رۆژهەڵات هەبووە چونکە ناوچەکە لێ ی دووربووە

بۆ هەموو جوولە تەکتۆنیەکان کاریگەریان لەسەر ناوچە دوورەکان زۆرتر هەبووە بۆیە درێژبوونەوەی پێکهاتەی رووەکەی بەیەک ئاراستەبووە وەلە کۆندا لەگەڵ پلێتی عەرەبی یەک پارچە بووە بۆیە زۆر کاریگەری لەسەر نەبووە بەهۆی بەهێزیەکەی بەڵام لە ناوچەکانی باکووری رۆژهەڵات کاریگەری زۆر بووە چونکە دوور بووە لێ ی هەروەها پێکهاتەکەی بەهێز نەبووە چونکە داپۆشراوە لە کۆندا بە دەریای تیثس .

**بەشەکانی رووی زەوی عێراق**

رووی زەوی عێراق بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەبێت بۆ چوار بەش ئەمانیش بریتین لە :.

1- ناوچەی چیابەرزەکان
2- ناوچەی نیمچە چیایی ( گرد و با ن و دەشت )
3- ناوچەی دەشتی نیشتەنی
4- ناوچەی بانی بیابانی رۆژئاوا

**یەکەم :. ناوچەی چیابەرزەکان :.** ئەم ناوچەیە دەکەوێتە بەشی باکووری باکووری رۆژهەڵاتی عێراق کە نزیکەی 25% رووبەری ناوچەی چیا داگیر دەکات 5% کۆی گشتی رووبەری عێراق ، ئەم ناوچەیە نێوان سنوری عێراق و تورکیا وعێراق و ئێران لە باکووری رۆژهەڵات لەنێوان نێمچە چیایی لەباشوورئەم ناوچەیە بەشێوەی کەوانەیی دەست پێ دەکات لە باکووری رۆژئاوای عێراق بەرەو رۆژهەڵات دەروات وە لار دەبێتەوە و بەردەوام دەبێت تاوەکو باشووری رۆژهەڵات بەرزی چیاکان لەنێوان 1000 – 3600 م لەئاستی رووی دەریاوە بەرزە چیاکان

لەبەردی ئاگرین و گۆراو نیشتوو پێک دێت بەڵام دەشتەکان و دۆڵەکانی ناو ئەم چیایانە لەبەردی نەرم پێک دێت جووڵەی ناوەکی ئەم چیایانەی دروست کردووە بەشێوەی پلەپلە بەهێز بەئاراستەی باکووری رۆژهەڵات پێچاوپێچی ئاڵۆزەکانی لێ دروست بووە هۆکارەکانی راماڵینی بەهێز چیاکانی پارچە پارچە کردوون وە چیاکان لەم ناوچەیەدا لەسەردەمی گەنجی و لاوی دایە لەبەر ئەوە پێچاوپێچە قۆقزەکان زنجیرە چیاکانی لێ دروست بووە پێچاوپێچە قۆپاوەکان دۆڵی درێژی لێ درووست بووە بەکرداری هەڵکۆڵین و راماڵین بەردەوام بوون تێدایە بەهۆی لێژی قەد پاڵەکانی بۆیە دەبینین زەوی بە پلە بەرزدەبێتەوە لە رۆژئاوا بۆ رۆژهەڵات لە باشوورەوە بۆ باکوور کە بەرزاییەکانی لەراستیدا نزمە لەسەر شێوەی زنجیرەی هاوتەریب لەگەڵ یەکتر کە دەشتی تارادەیەک فراوانی لەناویدا بەجێ هێشتووە هەرچەند نزیک بینەوە لەسنووری ئێران و تورکیا چیاکان بڵندتر دەبن وە لوتکەکانی بەدرێژایی رۆژانی ساڵ بەفر دای دەپۆشێت وە لەسەر شێوەی زنجیرەی پێچاوپێچی ئاشکراو هاوتەریب لەگەڵ یەکتر دەرناکەون بەڵام دەشتەکان رووبەریان بچوکتردەبێت و قوڵایان زیاتر دەبێت بە دۆڵی چیاکان دەچێت .

ئاراستەی هەندێ زنجیرە چیا بەتایبەتی لەرۆژئاوای دیجلە لەرۆژهەڵات بۆ رۆژئاوایە وەکو چیای شەنگال (سنجار) بەڵام ئاراستەی زنجیرەکانی تر لەباکووری رۆژئاوا بۆ باشووری رۆژهەڵاتە ، هەموو لقەکانی رووباری دیجلە کەئەوانیش بریتین لە 1- زێ ی گەورە 2- زێ ی بچووک 3- پیشخابوور 4- سیروان( دیالە) 5- عوزێم ، ئەم لقانە بەردەوام دەبن لەرۆیشتن بەئاراستەی لێژی زەویەکان وەئەم لقانە تێپەردەبن بەناو زنجیرە چیاکان بەشێوەیەکی ستوونی لەنموونەی ئەمانەش :.

یەکەم :. تێپەربوونی رووباری دیالە لەناو زنجیرە چیای ( بەرانان) لەرێرەوی دەربەندیخان هەروەها تێپەربوونی لەناو چیای حەمرین لەرێرەوی (منصوریە الجبل ).

**دووەم:.** تێپەربوونی رووباری عوزێم لەناوچەی حەمرین لەرێرەوی (دمیرقبۆ)

**سێیەم :.** تێپەربوونی رووباری زێ ی بچووک لەناو چیای هەیبەت سوڵتان لەرێرەوی دووکان .

**چوارەم** :. تێپەربوونی رووباری زێ ی گەورە لەناو چیای بەرات لە رێرەوی (بێخمە ) .

1- پێدەچێت تێپەربوونی رووبارەکان بەناو زنجیرە چیاکان بەشێوەیەکی ستوونی کارێکی نامۆو سەیردەبێت وەئەو هۆکارانەی ئەو دیاردەیە نامۆیە ئەمانەن :.

2- رووبارەکان زنجیرە چیاکانی بریوە لە میانەی شکانەوەی کە تێدا رووی داوە وە درێژبۆتەوە بەو ناوچەیە بەئاراستەی باشووری رۆژئاوا تاوەکو باشووری رۆژهەڵات .

3- رووبار بەهۆی تەوژمە بەهێزەکەی رێرەوی بۆخۆی هەڵکەندووە کە تێپەربووە بەناو زنجیرە چیاکان وەئەوەی یارمەتی داوە لەسەر ئەوە بوونی هەندێ بەردی نەرم و نۆڵە کە بەئاسانی هەڵدەکۆڵدرێت .

4- رووبارەکان لەم ناوچەیەدا بوونیان هەبووە پێش ئەوەی ئەم زنجیرە چیایانە دروست بن پاشان پێچاوپێچی چیاکان روویدا لە توێکڵی زەوی وەئەم چیایانە درووست بوون بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و هێواش .

5- دەتوانین بڵێین وا دەردەکەوێت کە ناوچەی چیایی یاخود ناچە چیا بەرزەکان لەسەر یەک شێوازنین لەرووی بەرزی و نزمیەوە بەڵکو لەبەرزی و شێوە و قەبارەی دۆڵەکان و چیاکان و دەشتەکان جیاوازن وە دەتوانرێت ناوچە چیا بەرزەکان دابەش بکرێت بۆ دووبەش لەسەربنەمای بەرزی و بەهێزی پێچاوپێچی .

6- **ناوچەی چیایی پێچاوپێچی ئاڵۆز** :. ئەم ناوچەیە بەرزی چیاکانی لەنێوان (2100 – 3600 م ) لەسەر ئاستی دەریاوە وەئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان چیای پێچاوپێچی نائالۆز لە باشوور وە لەنێوان سنووری ئێران و عێراق و تورکیا لە باکوور و باکووری رۆژهەلات چیاکانی ئەم ناوچەیە سەخت و ئاڵۆزن کە رێک و پێکی لەپێچاوپێچیەکەی دەرناکەوێت .

وە لەبەرزترین چیاکانی ئەم ناوچەیە کە دەکەوێتە سەر سنووری عێراق تورکیا بریتین لە زنجیرە چیای (مهرنارداغ) کەبەرزییەکەی دەگاتە ( 2133 م ) کە دەکەوێتە نێوان رووباری هیزل و رووباری خابوور وە چیای (ئاشینا) کەبەرزیەکەی (3352م) و چیای (سەرمەیدان ) بەرزیەکەی (3500 م) .

بەڵام ئەم چیایانەی دەکەوێتە نێوان عێراق و ئێران لەگرینگترین چیاکانی زنجیرە چیای (شاکێف) کەبەرزیەکەی (3078 م) زنجیرە چیای (حەسارۆست ) کەبەرزترین لوتکەی هەڵگوردە کەبەرزیەکەی (3607م) هەروەها چیای قەندیل کەبەرزیەکەی دەگاتە (3451م) وەچیاکانی سنور لقی لێدەبێتەوە درێژدەبێتەوە بەناو خاکی عێراق بەرەو لێواری باشووری چیا پێچاوپێچە ئاڵۆزەکان ئەم چیا پێچاوپێچە ئاڵۆزانە نزیک دەبنەوە لە چیاکانی پێچاپێچە نائاڵۆزەکان وەکو چیای (دیرا) چیای

(گارا) دەشتی (سندی زاخۆ) وە چیای (بەرواری باڵا) چیای (مەتین) چیای (ئامێدی ) چیای (شەرانش) لەسەر لێواری رووباری شەرانش . ئەم کۆمەڵە چیایە زاڵە لەسەر لێواری زێ ی گەورە دەناسرێت بە چیای (بارزان ) رووباری (رواندوز) تێدەپەرێت لەنێوان چیای بڵندوبەرز لەلای چەپدا بریتیە لەچیای کۆرەک چیای خەلیفان وە لەلای راستیدا چیای برادۆست لەنێوان ئەو چیایانەی باسکران هەندێ چیای تر هەنە وەک چیای قەلەندەر و چیای زۆزک هەروەها چیای کارۆخ ئەم چیایە درێژدەبێتەوە بەئاراستەی باشووری رووباری رواندوز تاوەکو کەناری باکووری رانیە چیای قەندیلی پێدەگات لەسەر سنووری عێراق ئێران ، چیای پێچاوپێچی ئاڵۆز زاڵ دەبێت لەسەر لێواری باکووری دەشتی شارەزوور کەئەم دەشتە ناوچەی چیای ئالۆز و نائالۆز لێک جیادەکاتەوە لەرێگەی چیاکانی (سورداش ، ئەزمەر ، گوێژە ، پیرەمەگروون ) .

هەروەها چیای (پشدەر) کە درێژدەبێتەوە لە زێ ی بچووک بەئاراستەی سنوور (چیای هەڵەبجە) کە ئەم چیایەش زاڵە بەسەر رووباری (دیالە) یاخود دەریاچەی دەربەندی خان هەروەها چیای (هەورەمان) کە ئاراستەکەی لەباکوور بۆ باشوورە وەلەنێوان چیای (پشدەر) و چیای (سووررداش) دەشتێکی تەسک دروست بووە کە ناسراوە بە دەشتی (شاربازێر) کە چاڵاکی دانیشتوانی ئەم ناوچەی تێدا کۆبۆتەوە .

**7- ناوچەی چیایی پێچاوپێچی نائالۆز (سادە):.** بەرزی لەنێوان (1000 – 2100 م) ئەم ناوچەیەش پێک دێت لەزنجیرە چیای پێچاوپێچ کە بەتەریبی درێژدەبێتەوە وە دۆڵی قوڵ لەنێوانیاندا هەیە ئاوی رۆیشتوو کاری کردووە لەسەر هەڵکۆلین و راماڵین و چیاکانی پارچە پارچە کردووە و ئەمانەش وای

کردووە کەرووی زەوی ناوچەکە نارێک بێت بەشێوەیەکی گشتی ناوچەی پێچاوپێچی سادە پێک دێت لەدوو هێلی هاوتەریبی سەرەکی زنجیرەچیایی کە درێژدەبنەوە بەئاراستەی یەکتری و دۆڵی چیایی و دەشتی فراوان دەکەوێتە نێوان زنجیرە چیاکان کە جیای دەکاتەوە لە ناوچەی پێچچاوپێچی ئالۆز .

Æ **زنجیرە یەکەم :. (زنجیرەی باشوور) :.** زنجیرە باشوور دەبێتە سنووری جیاکەرەوە لەنێوان (ناوچەی چیابەرزەکان و ناوچەی نیمچە چیایی ) وە پێک دێت لەم چیایانە کە دەست پێ دەکات لەباکووری رۆژئاوا بەئاراستەی باشووری رۆژهەڵات وە چیاکان بریتین لە چیایی ( بێخێر ، سپی ، زاواداغ ، شیرمان ، عەقرە ، باباجیک ، پیرمام ، سەفین ، باوەجی ، هەیبەت سوڵتان ، بازیان ، سەگرمە داغ ، قەرەداغ ، زەردەداغ ) بەرزی ئەم چیایانە لەنێوان ( 1000 – 1700 م ) لەسەر ئاستی رووی دەریا لەدوای ئەم چیایانە لە باکوور دۆڵی فراروان دێت کە هەندێک دەشت لەگەلیدا درێژدەبێتەوە وەئەم دەشتانەش بەکەلکی کشتوکال و لەوەراندن دێن وە گوندی گەورەی تێدا بڵاوبۆتەوە وە لەگرینگترین دەشتەکانی ئەم ناوچەیە ( دەشتی هەریرە) کە دەکەوێتە نێوان (چیای هەریر و چیای سەفین ) رووبەرەکەی دەگاتە (400کم2).کە ناسراوە بە دەشتی باتاس کە هەردوو گوندی (باتاس و هەریر) لە خۆ دەگرێت هەروەها هاوینە هەواری شەقڵاوە یەکێکە لە هاوینە هەوارەکانی عێراق دەکەوێتە لێواری باشووری ئەم دەشتە هەروەها دەشتەکانی تریش بریتین لە دەشتی بازیان دەشتی تاسلوجە کە هەردوو گوندی ( تانیاڵ و قەراداغ ) لەخۆدەگرێت .

ـﻠ **زنجیرەی دووەم ( زنجیرەی باکوور ) :.** ئەم زنجیرەیە پێک دێت لە چیای ( گارا ، قەندیل ، پێرس، برات ، هەریر ، کۆسرەت ، تاسلوجە ، بەرانان ) بەرزی ئەم چیایانە لەنێوان ( 1400 – 2500 م) لەسەر رووی ئاستی دەریاوە دوای ئەو هێلە زنجیرە چیایانە هەندی دەشت دێن کە گونجاوە بۆ کشتوکاڵ کردن بە هۆی بەپیتی خاکەکەی کە نیشتەنی رووبار دروستی کردووە وە لەسەر لێوارەکانی شارو گوند دروست بووە وەکو ( هەڵەبجە ، سلێمانی ، رانیە ، زاخۆ ، ئامێدی ، .....هتد ) وەلە گرینگترین دەشتەکانی ئەمانەن

1- **دەشتی سندی (زاخۆ) :.** ئەم دەشتە شێوەیەکی سێگۆشەیی هەیە کە بنکەکەی رووباری هیزلە کە دەبێتە سنووری نێوان وڵاتی نێوان عێراق و تورکیا ئەم دەشتە درێژدەبێتەوە بەرەو رۆژهەڵات فراوانیەکەی (پانی) 6کم وە رووبەرەکەی پلەپلە بەرزدەبێتەوە لە 400 م لەرۆژئاواوە تاوەکو 600 م لەرۆژهەڵات لەگرینگترین ئەو چیایانەی کە دەروانێتە سەر ئەم دەشتە بریتین لە چیای گارا و چیای دێرا وە شاری زاخۆ دەکەوێتە سەر ئەو دەشتە لەگرینگترین شارەکانی ئەم دەشتەیە لەسەر رووباری خابوور وەئەم دەشتە دادەنرێت بە دەروازەیەک بۆ عێراق لە زەوییەکانی تورکیاوە .

دەشتی سندی لەلای رۆژهەلات بەدەشتێکی تردەگات کە ئەویش دەشتی ئامێدیە کە فراوانیەکەیی و بەپیتیەکەی لەو کەمترە ئەم دوو دەشتە دەکەونە پێچاوپێچێکی درێژی قۆپاو کە لە باکوور چیای بەرواری باڵا وە لە باشوریش چیای بەرواری ژێر بەسەریدا دەروانێت .

2- **دەشتی رانیە :.** ئەم دەشتە شێوەیەکی هێلکەیی هەیە وە رووباری زێ ی بچووک پێدا دەروات وەرێرەوەکەی پێچاوپێچە لەسەر شێوەی کەوانەیی کە بەژمارە هەشت دەچێت بەرزی ئەم دەشتە لەنێوان ( 480 – 600 م ) ئەم دەشتە بەزنجیرە چیایەکی تەسک دەناسرێت بەزنجیرە چیای (کێوە رەش)کە ئەم زنجیرە چیایەش درێژبوونەوەی زنجیرە چیای کارۆخە دابەشی دەکات بۆ دووبەش بەشی رۆژهەڵات دەناسرێ بە دەشتی پشدەر کە پچووکترە لەبەشی رۆژئاوای بەڵام بەشی رۆژئاوای دەناسرێ بە دەشتی بێتوێن رووبەری دەشتەکە بە هەردوو بەشەکەی نزیکە ی (800 کم2) وە رووباری زێ ی بچووک بەشێک لە دەشتە پارچەدەکات و شاری رانیە دەکەوێتە سەر ئەو دەشتە وە دەربەندی دوکان لەکۆتایی باشووری ئەم دەشتە دروست کراوە بۆ مەبەستی خەزن کردنی ئاوی رووباری زێ ی بچووک .

3- **دەشتی شارەزوور** :. ئەم دەشتە دەکەوێتە ئەو پەری باشووری رۆژهەڵاتی ناوچەکە چیایە بەرزەکان لەنزیک سنووری عێراق و ئێران وە پێک هاتووە لەپێچاوپێچی قۆپاوی فراوان ئەم دەشتە بەرزیەکەی لەنێوان (540 – 600 م) وە درێژی (45کم ) وە لەسەر لێوارەکانی چەندین شارو گوند هەیە وە گرینگترینیان دەکەوێتە بەشی ناوەراستی وە شاری هەڵەبجە دەکەوێتە کۆتایی رۆژهەڵاتی دەشتەکە .

## ناوچەی نیمچە چیایی ( نیمچە شاخاوی )

ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان ( دەشتەنزمەکان لە باشوور و ناوچە چیا بەرزەکان لەوپەری باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی عێراق نزیکەی 15% لەکۆی رووبەری

عێراق داگیر دەکات رووبەرەکەی دەگاتە 67000 کم2 بەرزیەکەی لەنێوان 200 – تاوەکو 1000 م دەتوانرێت ئەم بەشەدابەش بکرێت بۆ سێ بەش .

**یەکەم:. زنجیرەچیا و گردەکان**

**دووەم :.دەشتەکان**

**سێیەم :. بانەکان**

1- **زنجیرە چیاوگردەکان :.** ئەم زنجیرەیە لەسەر شێوەی سێ کۆمەڵەی سەرەکی درێژدەبێتەوە وە بەئاراستەی باکووری رۆژئاوا تاوەکو باشووری رۆژ هەڵات کۆمەڵەکانیش بریتین لە :.

أ- **کۆمەڵەی باشوور :.** ئەم کۆمەڵەیە سنووری باشووری ناوچەی نیمچە چیایی پێک دێنێت وە پێک هاتووە لە چیای ( حەمرین ، عەطشان ، مکحول ، ابراهیم ، تەلەعفەر ، شەنگال ، شکفت ) زنجیرە چیای حەمرین درێژدەبێتەوە لە سنووری عێراق ئێران لە باشووری شاری خانەقین تاوەکو رووباری دیجلە بۆ ماوەی 250 کم بەرزیەکەی دەگاتە 200 م لەرۆژ هەڵات بەڵام بەرزیەکەی زیاد دەبێت بەرەو رۆژئاوا لەنزیک رووباری دیجلە دەگاتە ئەوپەری بەرزی 528م پاشان ئەم زنجیرەیە کۆتایی دێت لەرێرەوی فەتحە وە راستەوخۆ زنجیرەی مکحول لەدوای دێت دادەنرێت بەدرێژبوونەوەی چیایی حەمرین پاش چیای مکحول بەلای کەناری رۆژئاوای رووباری دیجلە هەندێک گردی شەپۆلاوی دەبینرێت وەک بەرزایەکانی گەیارە وەئەم بەرزاییانە بەردەوام دەبێت تاوەکو رۆژئاوای شاری موصل .

ب- کۆمەڵەی ناوەراست :. ئەم کۆمەڵەیە دەتوانرێت دابەش بکرێت بۆ سێ بەشی جیاواز کەئامەن :.

**یەکەم :. بەشی باشووری رۆژهەڵات**

**دووەم :. بەشی ناوەراست**

**سێیەم :. بەشی باکوری رۆژئاوا**

1- **بەشی باشووری رۆژهەڵات :.** ئەم بەشە بەشێکی فراوانە لەباشووری سێ زنجیرە چیا دەردەکەوێت کە ئەوانیش بریتین لە

**چیاکانی ( دارەوشکە و جبەداغ )** بەرزی ئەم کۆمەڵەیە لەنێوان ( 200 – 300 م ) لەپاش ئەو زنجیرە چیایە لە لای باکوور زنجیرە چیایەکی تر دەست پێ دەکات کە ئەمانیش بریتین لە چیایی ( کفری داغ ، قەمر داغ ، نەفت داغ ) هەروەها چیای (توز) بەرزیەکەیان لەنێوان (200 – 400 م) بەڵام بەشەکانی تری چیاکانی ( علی داغ ، تساق ، شاکەل ) دەگرێتەوە

2-**کۆمەڵەی ناوەراست ( بەشی ناوەراست) :.** پێک دێ لە زنجیرە چیا کە درێژ دەبێتەوە لەشاری کەرکوک بۆ رووباری زێ ی گەورە لە زنجیرەیەکی درێژ کە زیاتر لە 100کم دەگرێتەوە دەناسرێت بە چیاکانی ( کانی دۆمەڵان ) کەرکوک و زێ ی بچووک ، چیای ئاوانە (ئاڤانە) داغ لەنێوان زێ ی بچووک و زێ ی گەورە وە زنجیرەی تریش درێژدەبێتەوە ئەو بەشەی کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی زێ ی بچووک دەناسرێ بەچیای باتیوە وە ئەو بەشەی کە دەکەوێتە نێوان زێ ی گەورە و زێ ی بچووک دەناسرێ بە چیای (قەرەچووغ) وە زنجیرەیەکی تری نزم لەباکووری زنجیرەی ئاوانە داغ هەیە

دەناسرێ بە چیای (دەمیرداغ) بەرزیەکەی دەگاتە (500م) ئەم زنجیرەیە دەروانێتە سەرژمارەیەک دەشت وەکو دەشتی هەولێر و دەشتی دیبەگە هەروەها چیای قەرەچووغ کە بەرزدەبێتەوە بۆ هەشت سەد 800 م بەڵام زنجیرەی ئاوانە داغ زنجیرەیەکی نزمە بەرزیەکەی لە (500م) ێناپەرێت دروست بووە لەئەنجامی پێچاوپێچێکی شکاوی نارێک و لەسەر قەد پاڵی ئەو چیایانە سەرچاوەکانی ئاو بەدیاردەکەون کە دەشتی دیبەگە بەمەبەستی کشتوکاڵی پشتی پێ دەبەستێ بەم سەرچاوانە وە ئەم پێچاوپێچە قۆقزیانەی کە چیاکانی دۆمەڵان و باباگورگور یان لێ دروست بووە گرینگیەکی ئابووریان هەیە چونکە نەوتی ناوچەی کەرکوک لەم شوێنانە هەیە .

3- **بەشی باکووری رۆژئاوا :.** ئەم بەشە بەشێوەیەکی گشتی پێک دێت لە زنجیرە چیای بچووک ونزم و بڵاو کە زیاتر بەگرد دەچێت نەوەک لە چیا چیاکانیش بریتین لە چیای ( مەقلوب ، بەعشیقە ، عین سفنی ) کە ئەم زنجیرە چیایە دەکەوێتە رۆژ هەڵاتی شاری موصل هەروەها ( چیای عین زالە ، تەل موسی ) دەکەونە باکووری رۆژئاوای شاری موصل .

ج- **کۆمەڵەی باکوور :.** ئەم چیایانە دەگرێتەوە چیاکانی ( باسکی ، زنورداغ ، داولان ، عمرأولیا ، خاڵخاڵان )

**2- دەشتەکان :.**

أ- **دەشتی (حەمرین) :.** دەشتێکە درێژبۆتەوە بەلای رۆژهەڵاتی چیای حەمرین پێکهاتووە لە پێچاوپێچێکی قۆپاوی فراوان هۆکاری راماڵێن پری کردۆتەوە بەچینێکی ئەستوورلە نیشتەنی بەرزی ئەم دەشتە لە نێوان

(225 م ) له باكوور لەلای چیای قەرەچووغ و لەنێوان (180م) لە باشوور لەلای چیای حەمرین رووبارەکانی ئەم دەشتە لەرێرەوی فراوان دەرۆن رێرەوەکانی ئەم رووبارانە زۆر دەبن لە کاتی باران و لافاوەکاندا وە زۆربەیان پچرپچرن و ووشک دەبن لەهاویندا فراوانی ئەم دەشتە لەبەشی ناوەراستی دەگاتە (32م) پاشان فراوانیەکەی زیاد دەبێت بەرەو باکووروباشوور لەنێوان (64 – 80 م ) درێژیەکەی دەگاتە (300کم) بارانی ئەم دەشتە پشتی پێ دەبەستێ بۆ کشتوکاڵی باراناوی وە دەتوانرێت سوود لە ئاوی هەندێ رووبار وەربگیرێت بۆ ئاودێری هەروەکوو لەبەشی باشووری رۆژهەڵات پرۆژەی ئاودێری حەمرین هەیە .

ب- **دەشتی دیبەگە** :. ئەم دەشتەدەکەوێتە نێوان چیای (ئاوانە داغ و چیای قەرەچووغ ) کە پێک هاتووە لە پێچاوپێچێکی قۆپاو کە پربۆوتەوە بەنیشتەنی کە بۆی هاتووە لەبەرزاییەکانی دەوروبەری درێژی ئەم دەشتە (80کم) بەرزیەکەی (270م) ئاوی بەشی باشووری رۆژهەڵاتی کە دەناسرێ بە دەشتی (کەندێناوە) دەروات بۆ رووباری زێ ی بچووک وە ئاوی بەشی باکووری رۆژئاوا کە دەناسرێ بە دەشتی ( شەمامک ) دەروات بۆ رووباری زێ ی گەورە ئەم دەشتەبەوە دەناسرێت کە دەوڵەمەندە بەئاوی ژێرزەوی هەروەها گونجاوە بۆ لەوەراندی ئاژەڵ و کشتوکاڵ کردن .

ت- **دەشتی هەولێر** :. ئەم دەشتە لەسەر شێوەی سێگۆشەیە گردەکان دەوریان داوە لەرۆژهەڵات چیای ئاوانە داغ لە باشوور درێژبوونەوەیەکی تەسکی هەیە بەرەو باشووری رۆژهەڵاتی کە دەگاتە چیاکانی دۆمەڵان و

شاری کەرکوک رووی زەوی ئەم دەشتە شەپۆلاوییە هەدێ دۆڵی لاری تێدایە کە ئاوەکانیان دەروات بۆ هەردوو رووباری زێ ی گەورە زێ ی بچووک بەرزترین بەشی ئەم دەشتە لای رۆژهەڵات کەبەرزیەکەی لەنێوان (480 – 550 م ) بەڵام لەلای رۆژئاوا بەرزیەکەی (120م)

### 3- بانەکان

ئەوانیش بریتین لە :. **أ- بانی کەرکوک** **ب- بانی موصل**

## بەشی سێیەم :. دەشتی نیشتەنی :.

ث- لەتایبەتمەدیەکانی ئەم دەشتانە ئەمانەن :.

ج- دەشتی نیشتوو نزیکەی یەک لەسەر پێنجی رووبەری عێراق داگیردەکات واتا رووبەرەکەی یەکسانە بە 93000کم 2

ح- ئەم دەشتە لەسەر شێوەی لاکێشەیی درێژدەبێتەوە بۆ رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەسەر شێوەی هێلکەیی راست دەردەکەوێت درێژی ئەم دەشتە دەگاتە (650کم) فراوانی ئەم دەشتە (250 کم) بەئاراستەی باکووری رۆژئاوا بۆ باشووری رۆژهەڵات .

خ- بەرزی ئەم دەشتە 100 م لە ئاستی رووی دەریابەرزیەکەی کەم دەبێتەوە لە نجدا دەگاتە نزیکی (32م) لەنزیک شاری روومادی نزیکەی (50م)

د-	دەشتی نیشتوو پێک هاتووە لە پێچاوپێچێکی قۆپاو لەئەنجامی ئەو نیشتەنیانەی کە رووبارەکان هێناویانە لە دیجلە و فورات .

ذ-	بەشەکانی دەشتی نیشتوو ئەم دەشتە لەم بەشانە پێک دێت :.

ر-	**ئاستە رووبارییەکان ( مدرجات الانهار ):.** تایبەتمەدیەکانی ئەم دەشتە

ز-	دادەنرێت بەکۆنترین بەشی دەشتی نیشتوو .

س-	10 دە مەتر بەرزدەبێتەوە لەئاستی زەویەکانی دەوروبەری سێ ئاستی جیاواز لەزەوی لەسەر رۆخی رووباری (دیجلە و فورات ) هەیە کەلەشێوەی دورگەیی لەنزیک ( فەلوجە و ئەسکەندەریە و روومادی و هندییە بەدەردەکەوێت .

ش-	**دەشتە رووبارییەکان (سهل الانهار ) :.** دەشتە رووبارییە لافاویەکان تایبەتمەندەکانی ئەم دەشتە :.

ص- پێک دێت لە نیشتەنی لافاوەکان کە ئاوی دیجلە و فورات هێناویانە لەماوەی وەرزەکانی لافاوەکاندا .

ض- لەم بەشەدا هەردوو رووباری دیجلەو فورات بەوە دەناسرێتەوە وەبەزۆری پێچاوپێچیان لەبەرئەوە رێرەوەکانیان ناوچە کۆنەکان بەبەرزی دەمێنێتەوە وە ناوچە نزمەکان زیاتردەبن .

ط-	زۆربەی ئەم دەشتە دەکەوێتە رۆژهەلاتی رووباری دیجلەوە .

ظ-	دەشتی دەلتا :. تایبەتمەندیەکانی ئەم دەشتە :.

ع-	لەم ناوچەیە رووباری دیجلە لە رووباری فورات دوور دەکەوێتەوە لەبەر ئەوەی دەشتی نیشتوو لەم ناوچەیە لێوارەکانی بەرزدەبێتەوە لێژی کەم دەبێتەوە زەوییەکە نزم دەبێت .

غ- دەشتی دەلتا جیاوازە لەدەشتی رووبارەکان ؟

ف- چونکە لێوارەکانی فراوانی کەمترە و قەبارەیان بچووکترە و حەوزەکانی رووبەریان بچووکترە و بەشە قوڵەکانی پربۆتەوە بەئاو کەئەمەش پێک دێت لە ( هۆرەکان ، زەڵکاوەکان ، دەریاچەی بچووک) .

ق- سنووری ئەم ناوچەیە روون و ئاشکرانیە زۆر کاریگەر بووە بەدەست کاری مرۆڤ کە ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی کشتوکاڵی گرینگە بەکاردەهێنرێت بۆ کشتوکاڵی برنج .

ك- دەشتی دەڵتایی رووباری دیجلە ناوچەی نێوان ( عمارە و ناصریە ) داگیردەکات دەشتی دەلتایی رووباری فورات درێژدەبێتەوە لەهندیە تاوەکو ناصریە بە لقەکانی رووباری فورات دەورەدراوە .

**1- ناوچە زەڵکاوەکان :. ( منطقة المسنتقعات)**

2- **ناوچەی رێژگە :. ( منطقة المصب) :.** تایبەتمەدیەکانی ئەم دەشتە

ل- درێژدەبێتەوە لە دەورو بەری شط العرب لەسەر درێژی رێرەوەکەی .

م- ئەم نیشتەنیانەی کە ئەم ناوچەیان دروست کردووە زۆرکاریگەر بووە بە هەڵکشان و داکشانی ئاوی کەنداوی عەرەبی لەنجامی هەڵکشان و داکشانی تەوژمێکی بەرز دروست دەبێت دەچێتە ناو شط العرب وە کاردەکاتە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی ئاو تیایدا بۆ 2م هەروەها کاردەکاتە سەر کەم کردنەوەی ئاستی رۆیشتووی ئاو ئەمەش یارمەتی کۆبوونەوەی نیشتەنی داوە لە دەوروبەری لێوارەکان و لێوارەکان بەرزبوونەتەوە بەبەراورد بەزەویەکانی دەوروپشتی .

ن-    ئەو ناوچانەی نزیکن لە لێوارەکانی ئەم رووبارە بەرزبوونەتەوە بەهۆی کۆبوونەوەی نیشتەنی وەئەم ناوچەیە گونجاوە بۆ کشتوکاڵ کردن بەڵام ناوچە دوورەکان و نزمەکان ئاو نووقمی کردوونە بۆ کشتوکاڵ گونجاو نیە .

**3- دەشتە کەناریەکان ( السهل الساحلی)**

**4- دەشتە پانکەییەکان ( السهل المروحة)**

5- **کەنارەکانی رۆژهەڵات دەشتی نیشتوو ( العافات الشروقیه للسهل الرسوبی)**

## بەشی چوارەم :. ناوچەی بانی رۆژئاوا :.

لەتایبەتمەندیەکانی بانی رۆژئاوا :.

1- ئەم بانە دەکەوێتە رۆژئاوای عێراق نزیکەی 60% لە رووبەری گشتی عێراق داگیر دەکات

2- رووەکەی شەپۆلاوییە و ژمارەییەکی زۆر دۆڵ و بەرد و تەپۆلکەی لمی تێدایە

3- رووبەرووی رامالینی بەهێزدەبێت بەهۆی

أ- لێژی زەویەکەی

ب- هەژاری بەرووەکی سروشتی

ت- خۆنەگری و لاوازی بەشەکانی خاک بەیەکتری

4- ناوچە دووچاری جوولەی ناوەکی بووە کە شکانێکی زۆر پێچاوپێچی سادەی لێ دروست بووە

5- رووی بانە لێژدەبێتەوە بەشێوەیەکی گشتی لەرۆژئاوا بۆ رۆژهەڵات بەرەو دەشتی نیشتوو و لێژی دۆڵەکانیش بەهەمان ئاراستەیە لە رۆژئاوا بۆ رۆژهەڵات .

**دەتوانرێت بانی رۆژئاوا دابەش بکرێت بۆ چەند بەشێک کە ئەوانیش بریتین لە :.**

1- ناوچەی دۆڵەکان ( الوديان ) :. لەتایبەتمەندیەکانی ئم ناوچەیە ئەمانەن :.

أ- ناونراوە بەناوچەی دۆڵەکان لەبەرئەوەی رێژەیەکی زۆر لە دۆڵی گەورەو ئاڵۆزی تێدایە کە دەست پێدەکات لەسنوری سعودیا لەباشووری رۆژئاوا بۆ باکووری رۆژهەڵات .

ب- ئەم ناوچەیە بەشی ناوەراستی بانی بیابانی رۆژئاوا دەگرێتەوە دەناسرێت بە ( بادیەی باکوور).

ت- لەگرینگترین دۆڵەکانی ئەم ناوچەیە بریتیە لە دۆڵی (عەکاشات) کەدرێژدەبێتەوە لەباکوور هەروەها دۆڵی ( حۆران ، سپی (الابیض) ، غەدەف (الغدف) ) .

2- ناوچەی بەردەکان ( الحجارە) :. لەتایبەتمەندیەکانی ئم ناوچەیە ئەمانەن :.

أ- ئەم شوێنە بەوناوە ناونراوە بەهۆی دەرکەوتنی بەردی لێوار تیژ دەکەوێتە باشووری بانی بیابانی رۆژئاوا لەبەر ئەوە دەناسرێت بە ( بادیەی باشوور ) .

ب- ئەم ناوچەیە لە باکوور دەورە دراوە بەناوچەی دۆڵەکان وەلە ڕۆژهەڵات هێلی بەرزی 300م وە لەرۆژئاواو باشوور سنووری عێراق و سعودیە .

ت- لەسەر لێواری ناوچەکە نزمایی زۆر دەردەکەوێت لەئەنجامی پێچاوپێچ و شکانی قەبارەی بەردی گەورە هەروەها بەشێکی تری دروست بووە لەئەنجامی هەڵکردنی باو ئاوی رۆیشتوو کە رووەکەی هەڵکۆلیوە و هەندێک لەم رووانە فراوان دەبن وەکو نزمای ( سەلمان ) بەڵام بەشێکی تری درووست بووە لەکرداری ئاوی ژێرزەوی کە کاری کرددوە لەسەر توانەوەی بەردەکانی ناوەوەی هەروەها لەسەر شکان و نزم بوونەوەی بەردەکانی دەرەوە و دروست بوونی نزمایی لەناوچەکەدا لەکۆتایی .

ث- سەرەرای کەمی باران لەناوچەکەدا بەڵام هەندێ جار لافاو دروست دەبێت و زەویەکەی هەڵدەکۆلێت و لەسەری دەروات و دۆڵی قوڵ دروست دەکات لەوانەش دۆڵی ( شعیب) .

ج- ناوچەکە بەتەواوی داپۆشراوە بەبەردی قەبارە جیاواز و زۆرترینیان بەردی کلسیە وەکو ( دۆلۆمایت و تفل ) بوونی ئەم بەردانە لەم ناوچەیە بەپلەی یەکەم بۆ هۆکاری با وە پلەی دووەم بۆ ئاوی رۆیشتوو کە بەردی دەگوازێتەوە وە بەرد وەکو دیاردەیەکی بەرچاو بەدیاردەکەوێت لەناوچەکە .

Ǽبەهۆی بوونی بەرد لە ناوچەکە ناوچەکە یارمەتی دەرنیە لەسەر راکێشانی هێلەکانی گواستنەوە و گەیاندن .

3- **ناوچەی الدبدبە (دبدبة):.** لەتایبەتمەندیەکانی ئم ناوچەیە ئەمانەن :.

أ- ئەم ناوچەیە دەکەوێتە ئەوپەری باشووری رۆژهەڵاتی بانی رۆژئاوا .

ب- ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی تارادەیەک تەختاییە وە بەرد و زیخ رووەکەیان داپۆشیوە وە بایەکان لە بیابانەکانی دەوروبەری هێناویانە بەردەکان دروست بوینە لەئەنجامی ووردبوونی بەردی (کوارتز).

ت- ئەم ناوچەیە دۆڵی کەمی تێدایە و لەبەر رۆیشتنەکەی بەرەو باکووری رۆژهەڵات و لەگرینگترین دۆڵەکانی ئەم ناوچەیە دۆڵی ( البطن) کە ئەم دۆڵە دۆڵێکی قوڵ و فراوانە .

ث- ئەم ناوچەیە رێژەیەکی زۆری تەپۆلکەی لمی تێدایە بەئاراستەی باشووری رۆژئاوا بەرەو باکووری رۆژهەڵات .

**هەرێمەکانی ئاووهەوا لەعێراق**

دەتوانین هەرێمەکانی ئاوهەوا لەعێراق دابەش بکرێت بۆ سێ بەش کەئەوانیش ئەمانەن :.

**1- هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەراست**

**2- هەرێمی ئاو وهەوای ستێپس و گەرم و باراناوی لەزستاندا**

**3- هەرێمی ئاو وهەوای بیابانی گەرم**

1- **هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەراست:.** ئەم جۆرە ئاووهەوایە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی عێراق واتا ناوچەی چیابەرزەکان ئەم هەرێمە نزیکەی 12% رووبەری عێراق داگیردەکات لەگرینگترین سیفەتەکانی ئەم ناوچەیە

یان هەرێمە ( گەرم مامناوەندە لەهاویندا وە زۆر سارد و باراناویە لە زستاندا ) هەروەها دەناسرێ بە وەی تێکرای گەرمی گەرمترین مانگەکانی لە 10 پلەی سەدی زیاترە وە ساردترین مانگەکانی ساڵ لەنێوان ( 6 – 18) پلەی سەدیە ، وە بەفر بەرێژەیەکی زۆر تێدا دەبارێت هەتا هەندێ جار بە کەڵەکە بوویی دەمێنێتەوە لەسەر قەدپاڵی چیابەرزەکان بەتایبەتی لەسەر قەدپاڵەکانی باکووری ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی پچرانی رێگاکانی هاتووچۆ لەنێوان شارەکاندا ، بڕی بارانی باریوو زیاد دەێت چەند لە باشوور بۆ باکوور لە باشووری رۆژئاوا بۆ باکووری رۆژهەڵات برۆین وەبەرزی رۆلێکی گرینگ دەبینێت لەدابەش بوونی باران واتا هەرچەند بەرزی زیادبێت بڕی باران زیاددەبێت باران دەست بەبارین دەکات لەمانگی ئەیلول (9) وەبەردەوام دەێت تاوەکو مانگی مایس (5) تێکرای ساڵانە تۆماردەکرێت کە لەنێوان (400 – 1000 ) ملم بارانە وە پلەی گەرمی تێدا نزم دەبێتەوە بۆ ژێر سفی سەدی بۆ چەند رۆژێک وە ساردترین مانگەکانی بریتیە لە مانگی ( کانوونی دووەم ، شباط ) وە تێکرای گەرمی رۆژانە و ساڵانە لەم هەرێمە کەمترە لەهەرێمە ئاووهەوایەکانی تری عێراق .

**ئەم هەرێمە دابەش دەکرێت بۆ دوو شێواز ؟**

Ǽ **شێوازی ئاووهەوای وشک وگەرم لەهاویندا :.** کە ناوچەکانی ( ناوەراست و باشووری ناوچەی چیایی (چیابەرزەکان ) دەگرێتەوە وە دەکەوێتە ناوچەی پێچاوپێچی سادە وە پلەی گەرمی گەرمترین مانگ تێدا زیاترە (22) پلەی سەدی وە باران بارین لەنێوان ( 600 – 800 ملم) وە زۆر جاریش رێژەیەک بەفری لەگەڵی دەبارێت .

ﭗ **شێوازی ئاو هەوای وشک و مامناوەند لەهاوین:.** ئەو پەری ناوچەکانی ( باکووری رۆژ هەڵاتی ناوچەی چیایی دەگرێتەوە ( ناوچەی چیابەرزەکان (ئالۆز) پلەی گەرمی گەرمترین مانگ تێدا کەمترە (22) پلەی وەچوار مانگ تێدا دەبینریت کە پلەی گەرمی زیاترە لە (10) پلە وە بێکی زۆر لەباران وەردەگرێت کەزیاترە (800)ملم وە برێکی زۆر بەفری لێ دەبارێت بەبەراورد بە ناوچەی یەکەم .

2- **هەرێمی ئاووهەوای ستێپس:.** گەرم و باراناوی لەزستاندا ( نیمچە چیایی ) ئەم جۆرە هەرێمە ئاووهەوایە دەناسرێ ( بەئاووهەوای گواستراوە) کە دەکەوێتە نێوان ئاوو هەوای دەریای ناوەراست لەباکووروباکووری رۆژ هەڵات وەئاووهەوای بیابان لەباشوروباشووری رۆژئاوا واتا لەنێوان چیابەرزەکان لەلایەک وە دەشتی نیشتوو بانی رۆژئاوا لەلایەکی ترەوە تێکرای باران بارین لەم ناوچەیە لەنێوان (400 – 600 ) ملم وە تێکرای گەرمی ساڵانە تێدا کەمترنیە لە (18) پلەی سەدی وەزۆر زەحمەتە سنورێکی جێگر بۆ ئەم هەرێمە دانانرێت لەبەرئەوەی ئەم هەرێمە هەرێمێکی ئاووهەوای گواستراوەیە کە ئاووهەوای نیمچە چیایی لەخۆدەگرێت ئەم جۆرە ئاووهەوایە رەنگی داوەتەوە لەسەر ژیانی رووەک کە ئەمانەش یارمەتی بۆ لەوەراندی ئاژەڵ بەتاییەتی لە وەرزی بەهار وە کشتوکاڵ لە هەندێک بەشەکانی پشت بەباران دەبەستێت وە ناودەبرێت بەکشتوکاڵی دێمی کەلەبەشەکانی تر کشتوکاڵ پشت بە ئاودێری دەبەستێت وە باشترین نموونە لەسەر ئەم هەرێمە دەشتی هەولێر و حەمرین و ناوچەی کەرکوک و موصل .

3- **هەرێمی ئاووهەوای بیابانی گەرم :.** ئەم شێوازە ئاووهەوایە زۆربەی بەشەکانی ناوەراست و باشوور و رۆژئاوای عێراق دەگرێتەوە ( دەشتی نیشتوو وبانی رۆژئاوا ) ئەم هەرێمە دەکرێتە دوو بەش :.

أ- هەرێمی ئاووهەوای بیابانی گەرم و باراناوی لەزستان :. ئەم هەرێمە زۆربەی بەشەکانی ناوەراست و باشووری عێراق دەگرێتەوە وە بەوە دەناسرێت ( کەبڕی بەهەڵم بوونی ساڵانەی تێدا بەرزە ) لەبڕی باران بارین ، وەرزی هاوین وەرزێکی تەواو وشکە و تێکرای گەرمی ساڵانە بەرز دەبێتەوە بۆ زیاتر لە (18) پلەی سەدی .

ب- **هەرێمی ئاوو هەوای بیابانی سارد و باراناوی لەزستاندا :.** ئەم ئاووهەوایە لەناوچەکانی باکووری رۆژئاوای بانی بیابان لەنزیک سنووری (ئودرن) هەیە لەتایبەتمەندیەکانی ئەم هەرێمە (تێکرای گەرمی ساڵانە زیاترە لە (18) پلەی سەدی وە زۆر جیاوازی نییە لەبڕی بارانی باریوو لە هەرێمە ئاووهەواکەی تر .

**گرفتەکانی خاک لە عێراق**

خاکی عێراق بەدەست گەلێک گرفت دەناڵێنێت بەڵام ترسناکترین گرفت سوێریە بەتایبەتی لە ناوچەکانی ناوەراست و باشوور کە ئەم گرفتە کاری کردۆتە سەر بڕی رووبەری جاندراو و بڕی بەرهەم هێنان هەروەها کاری کردۆتە سەر زەوی گونجاو بۆ کشتوکاڵ و رووبەری زەوی لەخاکەکەی خوێ واوی بووە .

ئەم کێشەیە هەرەشە لە قەوارەی ئابووری عێراق دەکات ئەمەش لەبەر ئەوەی بەرهەمی کشتووکاڵی بەسەرچاوەی خۆراکی مرۆڤ و ئاژەڵ دادەنرێت

وەسەرچاوەی سامانە سەرەتاییەکانە کە دەچێتە بواری جیاوازی پیشەسازی هەروەها سەرچاوەی سوتەمەنی و دەرمانی پزیشکیە .

هۆکاری سوێری خاک

1- ڕێژەی بەهەڵم بوون بەرزە ئەمەش بەهۆی کەمی شێ ڕێژەیی لەهەوادا وەبەرزی پلەکانی گەرما لە مانگەکانی هاوینی درێژ کە دەبێتە هۆی بەهەڵم بوونی ئاوی ئاودێری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی خوێ لەسەر رووی خاک .

2- لەبەر ڕۆیشتنی خراپی زۆربەی کێلگەکان کە هۆکاری لەبەرڕۆیشتنی سروشتیانەی نیە ، ئەمەش لەبەرئەوەی زەویەکانی ئەم ناوچەیە زۆر تەختە وە هۆکاری لەبەر ڕۆیشتنی دەستکردیان نیە ئەمەش بەهۆی بەرزی تێچوونی وە ئەو ئاوەی کە لەسەر رووی خاکەکە هەیە بەکاردەهێنرێت بەمەبەستی ئاودێری وە تووشی بەهەڵم بوون دەبێت وە خوێیەکانی بە جێ دەمێنێت .

3- گرینگی خراپی ئاودان مەبەست لێی ئاودانی زەویە بەبڕێکی ئاوی زیاتر لە پێویست زەوی کشتوکاڵی کە دەرئەنجام دووچاری بەهەڵم بوون دێت خوێیەکانی دەنیشێت لەسەر خاکەکە .

4- بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە خوێ لەناو ئاوی رووبارەکانی عێراق ( دیجلە و فورات ) وە بڕی خوێیەکان لەنێوان کەم و مامناوەند بەڵام بەرزی لە پلەکانی گەرمی دەبێتە هۆی بەهەڵم بوونی ئاو لەسەر رووی خاک لەکاتی ئاودێری ساڵ لەدوای ساڵ و لەبەرنەبوونی لەبەر ڕۆیشتنی گونجاو ئەمانە

هەموو وادەکەن کە خوێیەکان کەڵەکەبن ساڵ دوای ساڵ تا دەگاتە ئەو رادەیەی زیان بەبەپیتی خاک بگەینێت .

5- فراوان بوونی کشتووکاڵی هاوینە هەرچەندە کشتووکاڵی هاوینە فراوان بێت گرفتی سوێری زیاد دەبێت و بەهەڵم بوون بەهێز دەبێت لە وەرزی هاوین .

**گرینگترین رێگاکان بۆ کەمکردنەوەی گرفتی سوێری یاخود رێگاکانی چارەسەر کردنی ئەم گرفتە ئەمانەن:.**

1- ئاودێری دروست ئەمەش بەهۆی گەیاندنی برێکی مامناوەند لە ئاو بۆ پێویستی رووەک بەهۆی جۆگەوە کە بەم شێوەیە رووبەرە چاندراوەکان هەموویان بەیەکسانی ئاو وەردەگرن .

2- زیادکردنی توانستی پاراستنی خاک بەئاو ئەمەش بەهۆی پەینی ئاژەڵی و رووەکی یاخود تێکەڵکردنی خاکی قوری به خاکی لمی بۆ زیادکردنی کوتیلە داری خاک هەروەکو خاکی قوری رێگا نادات بە چوونە ناوەوەی ئاو تێدا وە لەسەری دەمێنێتەوە و دووچاری بەهەڵم بوون دەبێت و خوێی بەجێ دەهێلێت لەسەرخاکەکە .

3- کەمکردنەوەی هێزی بەهەڵم بوون ئەمەش بەچاندنی درای بەرز وەک داری ( خورما و کالیبتۆس) چونکە ئەم دارانە لەبەرپەرچی بای گەرم و وشکەکان دەدەنەوە کەبەهەڵم بوون زیاد دەکەن .

4- هەڵکەندنی کەندرِی قۆڵ بەهاوتەریبی جۆگەکانی ئاودێری بۆ ئەوەی ئاوی زیادە تێدا کۆدەبێتەوە لە جیاتی ئەوەی ئاوەکە لەزەویە کشتوکاڵیەکانی دەوروبەری .

**گرفتی راماڵینی خاک**

خاک رووبەرووی راماڵین دەبێتەوە بەهۆی ئاوی رۆیشتوو یان بەهۆی بایی بەهێز وە توندی و تیژی راماڵینی خاک جیاوازە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر ئەمەش بەهۆی :.

1- پلەی لێژی زەوی راماڵینی خاک زیاد دەبێت لە زەویە زۆر لێژەکان وەک قەت پاڵەکانی بەرزاییەکانی ناوچەی چیایی و نیمچە چیایی وە لێوارەکانی بانی رۆژئاوا بەهۆی زیادبوونی خێرایی ئاوی رۆیشتوو لەگەڵ زیاد بوونی لێژی .

2- رووەکی سروشتی ئەگەر رووەکی سروشتی بەرێژەیەکی زۆر هەبێت ئەوا راماڵین کەم دەبێتەوە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە رەگی رووەکەکان یارمەتی یەکگرتنی خاک کەمکردنەوەی ئاوی رۆیشتوو دەدات و بەشێوەیەکی روون بەدیاردەکەوێت لە چیاکان و گردە نزمەکان وەکو ( حەمرین ، مەکحول ، گردەکانی بانی رۆژئاوا) لەبەشەکانی رۆژئاوای عێراق .

3- کێڵانی نادروست ئەم جۆرە کێلانە کار لەخاک دەکات لە ناوچە زۆر لێژەکان کە بریتیە لە چاندن بە ئاراستەی لێژی زەوی واتا لەسەرەوە بۆ خوارەوە وە لەجیاتی ئەوەی بەتەریبی ئاستی رووی دەریا واتا لەگەڵ ( هێلەکانی بەرزی یەکسان ) کە دەناسرێت بە ( کێلانی کنتۆری ) لەبەر ئەوەی ئاوی باران دادەبەزێت لەهێلە کێڵدراوەکان و کەندرِی گەورەی تێدا هەڵدەکەنێت بەڵام ئەگەر کێلانی ئاسۆیی بوو ئەوا ئاوەکە لەو هێلانە

جێگیردەبێت و ناهێلێت خاکەکە لەگەڵ ئەم بارانە بێتە خوارەوە و توشی راماڵین بێت .

4- بارانی بەلێزمە لەناکاو و لافاوی لەناکاو و بای بەهێز هەموویان رامالینی خاک زیاد دەکەن .

**جۆرەکانی رامالین**

1- **رامالینی کەندەڕی :.** ئەم جۆرە رامالینە روودەدات لەسەر ئەو زەویانەی کە پلەی لێژیان زۆرە کە ئاوی رۆیشتوو کەندەڕی قولّی تێدا هەڵدەکەنێت وە ساڵ دوای ساڵ قولّی و فراوانیەکەی زیاد دەبێت لە سەرتا لەسەر پێتی (V) پاشان دەبێتە پیتی (U) .

2- **رامالینی رووکاری :.** ئەم جۆرە رامالینە لە ناوچەی چیایی تەخت و رێک و پێک روودەدات وەئاوی رۆیشتوو چینێکی تەنک بەشێوەیەکی یەکسان لەسەر رووی خاک رادەماڵی بەڵام راماڵینی بایی روودەدت بە گواستنەوەی بەشێکی هەڵوەشاوەی قەبارە بچووک لەخاک کە گواستنەوەیان ئاسانە وە راماڵینی بایی زیاد دەکات لەگەڵ زیادبوونی خێرایی با .

زیانەکانی راماڵینی خاک بەهۆی باوە

1- لەدەست دانی خاک لەشوێنی راماڵین

2- ئەگەر خاکی راماڵدراو لمبێت یاخود بەردی بۆ کشتوکاڵ گونجاو نیە وەئەگەر گواسترایەوە و کۆبۆوە لەسەرخاکێکی تر ئەوە بەپیتیەکەی لەدەست دەدات .

**دەتوانرێت گرفتی خاک ( راماڵینی خاک ) کەم بکرێتەوە لەرێگای :.**

1- پاراستنی رووەکی سروشتی بەسنووردارکردنی لەوەراندن بۆ کێڵگەکان وە سنورردارکردنی برینی دار و پاراستنی لە ئاگرو وە دورخستنەوەی کشتوکاڵ لە ناوچەی بارانە جیاوازەکان ( نامسۆگەرەکان) بۆ ئەوەی خاکەکە دووچاری گواستنەوە نەبێت لە ساڵە وشکەکان .

2- دروست کردنی بەنداو لە ناخی دۆڵەکان یاخود لەسەر قەد پاڵی بەرزاییەکان بۆ ( بەنداوکردنی ئاو ) ئەمەشیان بەهۆی چاندنی دارەکان یاخود دروست کردنی بەنداوی بەردی یان دیواری کۆنکریتی .

3- دامەزراندنی بەربەست لەداری بەرز بەکەم کردنەوەی خێریی با بەمەش راماڵینی خاک کەم دەبێتەوە .

4- کێڵانی دروست و زانستیانە پێویستە لەسەر بناری چیاکان جێ بەجێ بکرێت .

**جۆرەکانی خاک لە عێراق**

بەپێی پۆلین کردنی ( بیورینگ ) خاکی عێراق دابەش بۆتە سەر چەند جۆرێک کە ئەمانەن :.

1- **خاکی کستنائی :.** ئەو خاکە لە هەندێ لە ناوچە دەشتایەکانی ناوچەی نیمچە شاخاوی بەدی دەکرێ وەکو لە دەشتی ( شارەزوور ، رانیە ، سندی

...........هتد ) له رووی تایبەت مەندیەوە ئەم خاکە بەوە دەناسرێ کە خاکێکی قوڵە لەرووی پێکهاتەوە نەرمە ئەمە سەرەرای لەخۆگرتنی کەرەستەی کانزایی و ئەندامی بەهۆی ئەو تایبەت مەندیانەوە بەیەکێک لە بەپیت ترین خاکەکانی عێراق دادەنرێت .

2- **خاکی قاوەیی ئەسمەر** :. ئەوەش ناوچەیەکی فرەوان لەناوچەی نیمچە شاخاوی دادەپۆشێ بەڵام بەهۆی پرۆسەکانی رووچوون و شوشتنەوە بەشێکی هەرەزۆری پێکهاتەی کانزایی و خوێیەکان لەدەست داوە بۆیە ئەو جۆرە خاکە کانزاو خوێیەکانی کەمترتێدا بەدی دەکرێ بەبەراورد لەگەڵ خاکی کستنائی .

3- **خاکی نیمچە سور :.** ئەم جۆرە خاکە وەکو پشتێنەیەک دەکەوێتە باشووری خاکی قاوەیی هەروەها درێژدەبێتەوە بەرەو ناوچەکانی باشووری خۆرئاوا هەتا لەبانی جەزیرە کۆتایی دێت دووبارە بەرەو باشوور دەست پێ دەکاتەوە هەتا دەشتی نیشتوو لەرووی پێکهاتەوە پێکهاتەی جبس و کلس لە قوڵایەکی کەم لەژێر ئەو خاکە بەدی دەکرێت .

4- **خاکی بیابانی خۆڵەمێش** :. بەهۆی ئەوەی ئەو خاکە دەکەوێتە بەشەکانی باکوور و ناوەراستی بانی رۆژئاوا بۆیە رێژەی پێکهاتەی ئەندامی تێدا زۆر کەمە ناگاتە زیاتر لە 1% لەرووی پێکهاتەوە بەشی سەرەوەی ئەو خاکە بەکەرەستەی دەوڵەمەند بەشی ناوەوەی بەنیشتووی کلس و جبس دەوڵەمەندە ئەم خاکە بە بڵاوترین خاک دادەنرێت لە عێراق .

5- **خاکی بیابانی خۆڵەمێشی کاڵ :.** ئەوەش دەکەوێتە بەشی باشووری بانی رۆژئاوا پێکهاتەی خاکەکەی لەنێوان لمی و چەگڵ دایە لەرووی کەرەستەی

ئەندامیەوە رێژەیەکی زۆر کەمی تێدایە ناگاتە 5% بەڵام دەوڵەمەندە لە مادەی کلس و ئاسن .

6- **خاکی نوێی شیکراوە :.** ئەم خاکە گواستراوەتەوە لەنێوان دەشتی نیشتوو لەگەڵ خاکی ناوچەی شاخاوی هەروەها لە نێوان دەشتی نیشتوو لەگەڵ بانی رۆژئاوا زۆربەی دەشتە لماویەکانی عێراق لەم جۆرە دەشتەیە .

7- **خاکی دەشتە لیتاویەکان :.** ئەم جۆرە خاکە لە ناچەی دەشتەنیشتووەکان هەتا ناوچەی زەلکاوەکان لەباشووری عێراق بەدی دەکرێ ئەم خاکەش لەئەنجامی نیشتەنی رووباری دیجلە و فورات درووست بووە کە برێکی زۆر لەلم و قوری زیاد دەکەونە سەر ئەم خاکە .

8- **خاکی ناوچەی شاخاوی :.** ئەم خاکە دەکەوێتە ناوچەی چیایی بەرزی ئاڵۆز بەهۆی جیاوازی لەدیاردەکانی رووەکەی لەبەرزی و نزمی لێژی بۆیە ئەمانە بونەتە هۆی پەیدابوونی چەند جۆرێکی تر لە خاک وە خاکی کستنائی Csa خاکی بەدینی تەنک کە دەکەوێتە باشووری ئەم هەرێمە خاکی ریندزینا کە ئەمەش بریتیە لە خاکیکی رەشی تۆخ قوڵایەکەی لە 10 – 30 سم .

9- **خاکی زەلکاوەکان :.** ئەو خاکە بەشی سەرەوەی ناوچەکانی کەناری رووباری دیجلە و فورات بەتایبەتی دەگرێتەوە باشوری دەشتی نیشتوو تا شوێنی بەیەکگەیشتنی لەنزیک شارۆچکەی گەرمەت عەلی خاکەکە لەبنچینەدا خاکێکی تازە دروست بووە .

10- **خاکی دەشتی رۆژهەڵاتی نیشتوو :.** ئەم جۆرە خاکە دەکەوێتە ئەو پشتێنەیەی کە لەنێوان رووباری دیجلە و سنووری وڵاتی ئێرانە ئەو خاکە لەبنچینەدا لە

نیشتەنیانە دروست دەبێ کەلەرێچەکە ئاوە بچوکەکان کە لەچیای ئێرانەوە دێنە خوارەوە ناو رووباری دیجلە .

**ئاوی ژێرزەوی**

ئەو ئاوەیە کەلەژێر زەوی هەیە ئینجا وەستاوبێت یان رۆیشتوو ئاوی ژێر زەوی لەسەر رووی زەوی دەردەکەوێت یان بەشێوەی سروشتی وەک کانیاوەکان و سەرچاوەکان یاخود لەرێگای تەداخول کردنی مرۆڤ وەک بیرەکان و کارێزەکان ئاوی ژێر زەوی هۆکارێکی گرینگ بوو لە دیاریکردنی رێگاکانی هاتووچۆی ووشکانی لە هەموو ناوچەکانی عێراق بەتایبەتی ناوچەی بیابان وە تائێستاش ئاراستەی گواستنەوەی هۆزە کۆچەرەکانی بیابان دیاری دەکات برو جۆرو دابەش بوونی ئاوی ژێرزەوی پشت بەچەند هۆکارێک دەبەستێ وەک ئاو وهەوا و تۆبۆگرافیای زەوی سروشتی بەردەکان و رادەی کونیلە داریان باران و برەکەی باو هێزەکەی شێی رێژەیی و پلەی گەرمی و جیاوازیەکەی گرینگترین هۆکاری ئاوو هەوای کاریگەرن لەسەر بڕی ئاوی ژێر زەوی وە ئاوی ژێرزەوی هێمایەکی جێگیری هەیە بە تۆبۆگرافیای زەوی ( بەرزی و نزمی ) لەناوچەی چیایی و نیمچە چیایی پێچاو پێچی قۆقز لە سەر رووەکەی باوە وە لەنێوانیان دۆڵ و دەشت دەورە دراوە وەئەم دۆڵ و دەشتانە نەگۆراون بۆ حەوز کە لەهەندێ لە ئاوی گرد و چیاکانی دەوراوپشتی دەرژێتە ناوی . وەجۆری بەردەکان کاریگەریان هەیە لەسەر بڕی ئاوی ژێر زەوی وە جۆرەکەی ناوچەی چیایی بارانی زیاترە لە هەموو ناوچەکانی عێراق وە جۆری بەردەکانی لە جۆری کونیلە دارە لەبەر ئەوەی بەردەکانی کلسی و رمیلە کە ئاولەناوی دایە لە درزەکانی ئەو بەردانە تەشەنەدەکەن وەئەم ئاوانە

لەژێر رووی زەوی دەرۆن و دەگاتە دەشتەکانی ناوچەی چیایی یاخود ناوچەی دەشتی نیشتەنی .

*** دەکرێ ناوچەکانی ئاوی ژێر زەوی لەعێراق پۆلین بکرێ بەپێی بڕی عەمبارکردنی هەرناوچەیەک جۆرەکەی بۆ ئەمانەی خوارەوە :.**

1- **ناوچەی چیابەرزەکان و ئاوی ژێرزەوی زۆر :.** لەبەر زۆری بڕی دابارین ( باران و بەفر) وە جۆری ئاوەکەی لە جۆری باشە لەبەرئەوەی زۆربەی بەردەکانی پێک دێت لە بەردی کلس .

2- **ناوچەی نیمچە چیایی :.** درێژدەبێتەوە لە چیای سنجار بەرەو موصل و هەولێر و کەرکوک تاکۆتایی دێت لەنزیک خانەقین ئەویش لە جۆری باشە ئەو چینانەی ئاوەکە ئامادەی دەکات پێک دێت لە بەردی کلس و رمل .

3- **ناوچەی دەشتی نیشتوو:.** بڕو جۆری ئاوەکەی جیاوازە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر کە زۆر خوێواویە و بەپلەی دووەم دێت دوای ناوچەی جەزیرە لەعێراق لەبڕی خوێ کە لە ئاوەکەی داهەیە دەگاتە 3 هەزار بۆ 6 هەزار بەش لە ملیۆن .

4- **ناوچەی جەزیرە :.** دریژدەبێتەوە لە باشووری چیای سنجار تاوەکو رووباری فورات لە باشوور وە سنووری سوریا لە رۆژئاوا وە رووباری دیجلە لە رۆژهەڵات ئاوەکەی هەژارە لە هەندێ بەشەکانی جگە لەوەی ئاوەکەی خراپە لەبەربڵاوبوونەوەی لەناو بەردی جبس وە ئاوەکەی کبریات و کلۆریدات و گازی کبریت و هایدرۆجین لە خۆدەگرێت وە ئاوەکەی زۆر سوێرە تادەگاتە 6 هەزار بەش لە ملیۆن .

5- **بانی بیابانی :.** هەردوو چۆلەوانی ( بادیە ) باکوور و باشوور دەگرێتەوە ئاوی ژێرزەوی زۆر کەمە بەهۆی کەمی دابارین بەشێوەیەکی گشتی سەرەرای کەمی باران و بەرزی پلەی گەرمی و نزمی ئاوی ژێر زەوی لێرەدا ناوچەیەک درێژدەبێتەوە وە نزیکەی 500 کم بەرەو باکووری رۆژئاوا و باشووری رۆژهەڵات کە درێژدەبێتەوە لە گوندی کەبیسەی ناوچەی هیت کۆمەڵێک سەرچاوەی ئاوی تێدا بڵاودەبێتەوە جۆری ئاوەکەی باشە لەهەندێک بەشەوە خراپە لەبەشەکانی تر سەرەرای ئەو دیاردەیە سەرچاوەی ئاوی زۆر هەیە لە هێلێکی تەریب بە رووباری فورات درێژدەبێتەوە کە دەست پێدەکات لە گوندی کەبیسە تاوەکو رۆژئاوای هیت بۆماوەی 500 کم .

## جۆرەکانی ئاوی ژێر زەوی

**1–بیرەکان:**

بڵاوترین جۆرەکانی ئاوی ژێر زەوییە، کە هەڵدەکەندرێت لەلایەن مرۆڤەوە، کوشتوکاڵی هاونیە لە ناوچەی نیمچە چیایی پشتی پێدەبەستێت، کە جوتیارەکان و دانیشتوانی گوندە بڵاوەکان لە ناوچەکە دەتوانن بیر هەڵکنن بۆ ئاستێکی کەمی ڕووی زەوی سودی لێوەربگرن بۆ مەبەستەکانی خواردنەوە و ئاودانی ئاژەڵ و کشتوکاڵ. قوڵی بیرەکان لەو ناوچەیە لەنێوان 5 -30 م، لەدەشتی هەولێر لە نێوان 6 – 25 م، قوڵی بیرەکان لە هەندێك ناوچە زیاد دەكات هەروەکو بانی موسڵ بۆ 400 م وە لە قەدپاڵی چیای شەنگال لە نێوان 500 – 900 م.

**2–کارێزەکان:**

بەکار دەهێنرێت بۆ خواردنەوە و ئاودێری و بەگەڕ خستنی ئاشەکان لە هەندێك ناوچەی بەربڵاو، لە ناوچەی چیایی و نیمچە چیایی و بانی بیابانی و دەشتی پانکەیی لە ڕۆژهەڵاتی عێراق، ژمارەی کارێزەکان لە ئێستادا کەمبووەتەوە، هۆی کەمبوونەوەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندێکیان وشك بوون و هەندێکی تریشیان نیشتەنی پڕی کردووە و گونجاو نییە بۆ بەکارهێنان.

**3-کانیاو و سەرچاوەکان:**

لە ناوچە چیا بەرزەکان و ناوچە نیمچە چیاییەکان و لەسەر لێواری ڕۆژهەڵاتی بانی بیابانی بە دی دەکرێت، هەروەها لە دەشتی پانکەیی لە ناوچەی بەدرە و مەندەلی کانیاو سەرچاوەکان بە دیار دەکەوێت، سەرچاوەکان بریتین لەو ئاوەی کە هەڵدەقوڵێت لە بناری چیا و بەرزاییەکان بڕی ئەو ئاوە لەسەر بڕی باران و لێژی

چینەکانی بەرد و ڕادەی کونیلەداریان ڕادەوستێت. کانیاوەکان بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێڕەوی ڕووباوبارەکان و لە کەنارەکانی هەندێك لە شکانەکانی و لەو ناوچانەی کە ئاستی زەوی جیاوازی هەیە بە دیار دەکەوێت، ئاوی کایناوەکان جیاواز دەبێت لە وەرزێك بۆ وەرزێکی تر و لە ساڵێك بۆ ساڵێکی تر. جۆری ئاوی کانی و سەرچاوەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بە شێوەیەکی گشتی کەمتر خوێواییە لە ئاوی بیر و سەرچاوەکانی ناوچەی چیایی و نیمچە چیایی و گونجاویشە بۆ بە کارهێنان.

## کشتوکاڵ لە عێراق

کەرتی کشتوکاڵی وەکو کەرتێکی گرنگ لە نێو چالاکییە ئابووریەکاندا بەسەرەکیترین بنەمای ئابووری دادەنرێت لە عێراقدا، چونکە دابینکردنی خۆراك بۆ زۆرینەی دانیشتوان دابین دەکات، وێڕای دابینکردنی پێداویستییەکانی کەرتی پیشەسازیش کە پشت بە کەرەستەی خاوی کشتوکاڵی دەبەستێت، جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆری دەستی کار کەری عێراقی لە خۆ دەگرێت و داهاتێکی بەرچاویش بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکەکەی دابین دەکات، کەواتە کشتوکاڵ لە گرنگترین پیشە ئابوورییەکان دادەنرێت، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی:

1-کشتوکاڵ سەرچاوەیەکی خۆراکی گرنگە بۆ دانیشتوان.

2-سامانی داهات و ئابوری جوتیارە لەلایەك و دەوڵەت لەلایەکی ترەوە.

3-وەکو بڕبڕەی پشتە کە داهاتی نەتەوەیی پشتی پێدەبەستێت، گرنگی زۆری بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ هەیە، بەتایبەتی خۆارك و ڕۆڵێکی گرنگیشی لە

ئاسایشی خۆراکی نەتەوەییدا هەیە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕۆڵێکی گرنگی لە پێشکەوتنی لایەنی ئابووری کۆمەڵایەتیدا دەبێت.

## دابەشبوونی جوگرافیی بەربوومە کشتوکاڵییەکان لە عێراقدا

بەرووبوومە کشتوکاڵیەکان دابەش دەبێت بۆ دوو بەشی سەرەکی، کە بریتین لە (بەرووبوومی کشتوکاڵی ڕووەکی) و (بەرووبوومی کشتوکاڵی ئاژەڵی) کە ئەم دوو بەشە بەیەکەوە بەشداری دەکەن لە پێکهاتەی کەرتی کشتوکاڵدا لە عێراق.

**یەکەم: بەرووبوومە کشتوکاڵییە ڕووەکییەکان:**

**1-دانەوێڵە:**

ئەمەش کۆمەڵێك بەرووبووم دەگرێتەوە، لەوانە:

أ-گەنم:

گەنم بەرووبوومێکی زستانەیە لە وەرزی پایزدا دەچێنرێت، بە درێژایی زستان لە گەشەکردندایە، لە کۆتاییدا بەهاردا پێدەگات و لەسەرەتای هاویندا لە زۆربەی ناوچەکانی وڵات دەدروێتەوە. گرنگترین بارودۆخی دیاری کراو بۆ بەرهەمهێنانی گەنم بریتین لە:

1-بڕی بارانی پێویست دەبێت زامن کراو بێت، و کەمتر نەبێت لە 500 م.

2-چاندنی لەو ناوچانە دەبێت کە ڕووبەڕووی هەڵگەرانەوەی ئاو و هەوایی لەناکاو نەبێتەوە.

3-ئەو بەرووبوومە بەرگەی خاکی خویی ناگرێت، لەبەر ئەوە لە خاکی سوێری ناچێنرێت.

4-سەبارەت بە خاکی کشتوکاڵ کردنیشی لە خاکی تێکەڵدا و ئاوەڕۆی باش بێت، سەرکەوتووە و بارانی تەواو خاکی بە پیت و گونجاوی پلەی گەرمی لە هەرێمی کوردستاندا یارمەتی بڵاوبوونەوەی چاندنی گەنمی داوە، لە دەشتاییەکانی نێوان زنجیرە چیاییەکاندا وەك دەشتی (شارەزوور، سندی، بازیان، هەریر، ڕانیە) کە بەگرنگترین ناوچەی بەرهەمهێنانی گەنم دادەنرێت لە عێراقدا.

ب- جۆ:

بەرووبوومێکی زستانەیە پشت بە باران دەبەستێت لە هەندەی ناوچەی نیمچە چیایی و ناوچەکانی تری ناوەڕاستی عێراق پشت بە ئاودێری دەبەستێت و ئەو بەرووبوومە لەو ناوخاکانە دەچێنرێت کە ڕێژەیەك خوێیان تێدایە و بەرگەی بارودۆخی ئاو و هەوایی سەخت دەگرن. وەك ئاشکرایە جۆ لە گەنم زیاتر بەرگەی کەم ئاوی دەگرێت و سوددی لێوەردەگیرێت لە زۆر لایەن، وەکو ئالیك بۆ ئاژەڵ بەکار دێت بە پلەی یەکەم و وەکو خۆراکیش بۆ مرۆڤ بەکاردهێنرێت و هەروەها وەك کەرەستەیەکی خاویش دەچێتە بواری پیشەسازییەوە، کەمبوونەوەی بەرهەمی جۆ لە ئاستی عێراق بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەوانە:

1-بەکارهێنانی شێوازی ڕێگای کۆن لە بواری بەرهەمهێنان و کەمی بەکارهێنانی ئامێر و ئامرازی کشتوکاڵی، واتە بەکارهێنانی ئامێری کۆن لە بواری بەرهەمهێناندا.

2-پشت بە ستن بە باران لە هەرێمی کوردستان بەهۆی کەمی ڕادەی باران هەندێك ساڵ بەرهەم کەم دەبێت.

3-کەمی بەکارهێنانی تۆوی باش.

4-کەمی بەکارهێنانی پەین و کەرەستەی لە ناوبردنی نەخۆشی بە تایبەتی دژی (نەخۆشی ژەنگ).

5-نەبوونی شارەزایی جوتیاری عێراقی لە بوارەکانی بەرهەم هێناندا.

6-کەمی داهاتی جوتیاری عێراقی کە یارمەتی دەر نییە بۆ بەکارهێنانی ئامێر و ئامرازی پێشکەوتوو لە کشتوکاڵدا.

7-بەکارهێنانی ئاودێری بە شێوەیەکی نا زانستیانە.

ج- برنج:

مادەیەکی خۆراکی سەرەکی دانیشتوانی عێراقە و بەروبوومێکی هاوینەیە، چاندنی تەنیا پشت بە ئاودێری دەبەستێت و چاندنی لە ناوچەکانی باکور و باشووری عێراق بەدی دەکرێت، کە ئەمەش پشت دەبەستێت بە لقەکانی ڕووباری دیجلە لە باکوور و ڕووباری فورات لە باشور، چاندنی برنج پێویستی بە بارودۆخی ئاو و هەوای دیاری کراو هەیە، ئەو ماوەیەی کە تێیدا دەچێنرێت دەبێت شوێنەکە بێ باران بێت، لەگەڵ بوونی پلەی گەرمیی بەرز هەروەها خاکێکی تێکەڵەیی بێت. جۆرەکانی برنجی کوردی لە باکوری عێراق دەچێنرێت، وەکو برنجی ئاکرێ، بەڵام لە باشوور جۆری برنجەکە بریتیە لە برنجی عەنبەرکە لە نەجەف و کەربەلا دەچێنرێت.

کشتوکاڵی برنج لە عێراق گرفتی زۆری هەیە و کەمبوونەوەی برنج لە عێراق بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

1-بوونی جۆری برنجی خراپ.

2-کەمی بەکارهێنانی پەین و دابەزینی بە پیتی زەوی و خاك.

3-کەمبوونەوەی ئاو بەتایبەتی لە کاتی پێگەیشتنی.

4-کەمی داشۆرگە (ڕێڕەوە) بۆ فڕێدانی ئەو ئاوە زیادانەی کە هەیە.

د- گەنمە شامی:

بەرووبوومێکی هاوینەیە لە عێراق و بە پلەی یەکەم وەکو ئالیکی ئاژەڵ بەکار دێت و بۆ کێڵگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر و بڕێکی زۆریشی دەچێتە پیشەسازی ڕۆنی ڕووەکییەوە، جگە لەوەی وەکو خۆراك بە کار دەهێنرێت و لە هەموو پارێزگاکانی عێراقدا دەچێنرێت.

2-**<u>بەرووبوومە نەختینییەکان یان بەرووبوومە پیشەسازییەکان</u>**:

بەرووبوومە نەختینییەکان یان بەرووبوومە پیشەسازییەکان ئەم بەرووبوومانە دەگرێتەوە:

أ-لۆکە:

ئەم بەرووبوومە دەناسرێت بە زۆری بەرهەم و هەمەچەشنەیی، لە نێوان ناوچەیەك بۆ ناوچەیکی تر لە عێراق، بە پێی بارودۆخی سروشتی ئەم بەرووبوومە کە پێویستی پێی هەیە، ئەم بەرووبوومە بەرووبوومێکی هاوینەییە، چاندنی پشت دەبەستێت بە ئاودێری. لۆکە چەند جۆرێکە، لەوانە تاڵی درێژ و تالی کورت، باشترین

ناوچەکانی چاندنی (پارێزگای دیالە و سلێمانییە). سوود لە لۆکە وەردەگیرێت بۆ مەبەستی جۆراو جۆر، وەك بواری پیشەسازی ڕستن و چنین و لە ناوکەکەی ڕۆنی لێدەردەهێنرێت و سوودی لێوەردەگیرێت لە بەرهەمهێنانی ڕۆنی ڕووەکی و سابوونیشی لێدروست دەکرێت و وك ئالیکیش بۆ ئاژەڵ بەکار دەهێنرێت.

ب-تووتن:

تووتن بەرووبومێکی هاوینەییە لە عێراق، بایەخێکی زۆر بە چاندنی دراوە، هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم دێت بەهۆی شیاویی ئاو و هەوا و خاکی هەرێم، بە تایبەتی لە ناوچە شاخاوەییەکاندا بە هۆی بوونی ئاوی سازگار و پلەی گەرمی ناوەند و گونجاندنی خاکەکەی هۆکاری سەرەکین بۆ بەرهەمهێنانی. پارێزگای سلێمانی بە تەنها زیاتر 80% ـی کۆی بەرهەم پێکدەهێنێت، پارێزگای هەولێر لە 10%، پارێزگای کەرکووك 8%. ڕووبەڕی چێنراو بە تووتن زۆر کەمی کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ وەرنەگرتنی تووتن لەلایەن حکومەتەوە، هەروەها لەکار خستنی کارگەی پوختکەکردنی تووتن، جگە لە بوونی جۆرەها جگەرەی بیانی لە بازارەکانی عێراق و هەرێمدا بە نرخی هەرزان و چاندنی زەوی کشتوکاڵی کە پێشتر تەرخان کرابوو بۆ چاندنی تووتن، بۆ بەرووبوومی تر، وەکو گەنم وجۆ و بە تایبەتی دوای سەپاندنی ئابڵوقەی ئابووری بەسەر هەرێمدا.

ج- کونجی:

کونجی لە هەموو بەشەکانی عێراقدا دەچێنرێت، بە تایبەتی لە پارێزگای واسط، کە بە پلەی یەکەم دێت لە بەرهەمهێنانیدا، ئەم بەرووبوومە سوودی لێوەردەگیرێت بۆ پیشەسازی ڕۆنی ڕووەکی، لە پاشان پارێزگای بەغدا و دیالە دێت.

د- گوڵه بەڕۆژه:

گوڵه بەڕۆژه بەرووبوومێکی هاوینەیە، کەرەستەیەکی خاویشە لە پیشەسازی ڕۆنی ڕووەکیدا، بە دوو شێوە دەچێنرێت (دێمی و بەراو)، باشترین جۆری خاك بۆ چاندنی خاکی تێکەڵەیە کە ئاوەڕۆکەی باش بێت.

## <u>3-داری میوه:</u>

داری میوه ئەمانە دەگرێتەوە:

أ-دار خورما:

دارخورما لە پلەی پێشەوە دایە لە ئابووری کشتوکاڵدا و بە سامانێکی بنەڕەتی دادەنرێت کە لە زۆربەی پارێزگاکاندا هەیە، جگە لە پارێزگاکانی هەرێم، عێراق یەکەم دەوڵەتە لە بەرهەم هێنانیدا لە جیهاندا و پارێزگای دیالە بە پلەی یەکەم دێت لەسەر ئاستی عێراق، دواتر هەر یەك لە پارێزگاکانی (بەسرە، کەربەلا، میسان، بەغدا) یەك لە دوای یەك دێن. ژمارەی دارخورما لە عێراق لە کەمبونەوەدایە و هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی دارخورما دەگەڕێتەوە بۆ فراوان بوونی شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق لەسەر زەوییە چێنراوەکان بە داری خورما و جەنگی عێراق و ئێرانیش بووە هۆی لە ناوبردنی ژمارەیەکی زۆری دارخورما و گرفتی ئاو و هەواش بە تایبەتی ڕەگەزی با لە کاتی پێگەیشتنی خورمادا دەبێتە هۆی وشك بوونی بەشێکی زۆر لە خورمای تەڕ، کە دواتر ناتوانرێت لە کیس یاخود لە سندوق هەڵبگیرێت و بڵاو بوونەوەی پەتاو نەخۆشیش تووشی دارخورما دەبێت، لەوانە (جاڵجاڵۆکە) خورما زۆر سوودی هەیە، وەکو مادەیەکی خۆراکی بە سوود بۆ

دانیشتوان دادەنرێت و بەکار دەهێنرێت بۆ بەکارهێنانی (سرکە، دۆشاوی خورما، کحول) و ناوەکەشی وەکو ئالیك بەکار دەهێنرێت بۆ ئاژەڵ. هەروەها درەختی خورما سێبەر دەکات بۆ درەختی میوە، بە تایبەتی درەختی مزرەمەنی کە ئەمەش بەرهەمێکی باش دەدات، ئەگەر سێبەری تەواوی بۆ مسۆگەر بکرێت، گەڵاکانی خورماش بەکار دەهێنرێت بۆ دروستکردنی حەسیر، هەروەها لە پیشەسازی کاغەزیشدا بەکار دەهێنرێت.

ب- مزرەمەنی:

دەرختی مزرەمەنی بریتییە لە (پرتەقاڵ، لیمۆ، نارنج، سیندی، لالەنگی) کە بەزۆری لە پارێزگاکانی ناوەڕاستی عێراق دەچێنرێت، بە تایبەتی پارێزگای دیالە. کە پێویستیان بە خاکی بە پیتی ئاوی لەبەر ڕۆیشتوو هەیە، هەروەها درەختی (سێو، قەیسی، دار مێو، هەنجیر، هەنار) لە عێراقد دەڕوێنرێت و زۆربەیان لە هاویندا پێدەگەن.

## دووەم: سامانی ئاژەڵ

لە نێو کەرتی کشتوکاڵیدا لە عێراق، سامانی ئاژەڵ بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، چونکە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە داهاتی کشتوکاڵی پێکدەهێنێت، لەگەڵ ئەوەی کە بەرووبوومی ئاژەڵی خۆراکی دانیشتووانە، وەکو کەرەستەیەکی خاویش دەچێتە نێو زۆر پیشەسازییەوە.

عێراق تا ڕادەیەك دەوڵەمەندە بەم سامانە، چونکە وەکو ئاشکرایە لە بەشی باکوری بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەمەندە بە لەوەڕگای سروشتی لەبەر گونجاویی بارودۆخی ئاو و هەوا لە باکور، وێڕای شارەزایی زۆری جوتیاران لە بەخێوکردنی ئاژەڵدا، کاریگەری لەسەر زۆری ژمارەی ئاژەڵەکانی ناوچەکە هەبووە.

ئەو ئاژەڵانەی کە بە مەبەستی بەرهەمەکانیان بەخێو دەکرێن بریتین لە:

1-مەڕ:

لە ڕووی ژمارەوە ڕیزبەندی یەکەم وەردەگرێت، بە شێوەیەکی گشتی لە تەواوی بەشەکانی عێراق بڵاو بووەتەوە، لە ناوچەی لێکۆڵینەوە سێ جۆری سەرەکی هەن، کە ئەوانیش بریتین لە (حەمدانی، ئێرانی، کوردی).

سەبارەت بە مەڕی کوردی کێشی لە هەردوو جۆرەکەی تر کەمترە، لە 50 کغم زیاترنییە، هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم دێت لە ڕووی ژمارەوە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی هەرێمەکە بە لەوەڕگای شیاو بۆ ئەو ئاژەڵە، پاشان هەرێمی دەشتی نیشتوو بە پلەی دووەم دێت.

2-مانگا:

لە ڕووی ژمارەوە، ڕیزبەندی دووەم وەردەگرێت دوابەدوای مەڕ، لەگەڵ ئەوەی مانگا بۆ بەرهەمەکەی (بەرووبوومی سپیایی و گۆشت) بەخێو دەکرێت لە هەمانکاتیشدا بۆ کارکردنی کێڵگەییش سوودی لێوەردەگیرێت، هەرێمی دەشتی نیشتوو بە پلەی یەکەم دێت لە ڕووی ژمارەوە، زۆری ژمارەی ئەم ئاژەڵە لە دەشتی نیشتوو دەگەڕێتەوە بۆ: لەوەڕگای شیاو، وەکو قامیش و زەل، وێڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری لە کێڵگەی تایبەتی بەخێو دەکرێت و ئالیکی بۆ دابین دەکرێت و

هەرێمی شاخاویش بە پلەی دووەم دێت، پاشان بەشەکانی ڕۆژئاوای عێراق دێت، بە تایبەتی ئەو بەشانەی دەکەونە نێو سنووری پارێزگای ئەنبار، لەو پارێزگایە ڕێژەی بە خێوکردنی ئەم ئاژەڵە کەمە بە هۆی کەمی ڕادەی دابارین. لەم بەشەدا لەوەڕگاکان هەژارن لە گژوگیا، بەکەڵکی لەوەڕاندنی مانگا نایەن.

3-بزن:

بزن ڕیزبەندی سێیەم وەردەگرێت لە نێو ئاژەڵەکانی عێراقدا لە ڕووی ژمارەوە، بەڵام بەشداریکردنی لە ژیانی ئابووریدا زۆر کەمە، چونکە ئاژەڵێکی بچووکە و جۆری گۆشتەکەشی باش نییە، جگە لەوەی کە زیان بە لەوەڕگای سروشتی دەگەیەنێت. بەخێو کردنی بزن بە زۆری لەگەڵ مەڕدایە، ئەو ناوچانەی کە دەوڵەمەندە بە ڕووپۆشی ڕووەکی تەرخان دەکرێت بۆ بە خێوکردنی مەڕ، لە کاتێکدا ئەو ناوچانەی کە هەژارن بە گژوگیا، بۆ لەوەڕاندنی بزن بەکار دەهێنرێت، چونکە بزن لەسەر گژوگیای کورت و هەژار دەتوانێت بژێت. زۆری ژمارەی لە هەرێمی شاخاوی دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی هەرێمەکە بۆ لەوەڕگای شیاو بۆ ئەو ئاژەڵە، هەرێمی دەشتی نیشتوو بە پلەی دووەم دێت، پاشان بانی ڕۆژئاوا بە پلەی سێیەم دێت.

4-گامێش:

ژمارەی گامێش کەمە، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ژمارەی ئاژەڵەکانی تر، ئەم ئاژەڵە زیاتر لەو شوێنانە دەژی کە ئاوی زۆرە، وەك ناوچەی زۆنگ و زەلکاوەکان، بۆیە دەبینین یەکەم پارێزگا لە ڕووی ژمارەوە پارێزگای بەسرەیە، پاشان پارێزگای زیقار بە پلەی دووەم دێت.